www.kurdistannet.org

20-12-2005 20:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زنجیرە ئەڵقەی هەلبژاردن... ئەڵقەیدووەم ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

سەرۆکی کوردستان کە ئەمساڵ سەفەرێکی (26) رۆژی ئەنجامدا، بە ئەمەریکا دەستی پێکردو لە ئیتاڵیا کۆتایی هات، بە گرنگترین سەفەری سەرۆکی میللەتێکی بی دەوڵەت دەژمێردرێت.

لەبەر مەزنی سەفەرەکە، هاولاتیانی کوردستان هەستیان بەو (26) رۆژە نەکرد، ئەگەر بەووردی لێتان روانیبێت لە کۆنگرە رۆژنامەڤانیەکەی لەگەڵ جۆرج بۆش لە ئۆڤاڵ ئۆفیس، کوڕی بۆش بە ئەندازەیەك خۆشحاڵ بوو، زەردەخەنە لە لێوانی نەدەبرا.

هەمیشە ئەگەر پێوانەی کورد روو لە بەرزی بکات، نەوەکانی ئەتاتۆرك قەڵس دەبن. بۆیە بەناوهێنانی بۆش بۆ بارزانی بە پرێسیدینت، هاوسەنگی تورکیای لەدەست داو نەیانتوانی هەڵچوونی خۆیان بشارنەوە، کەچی کاتێك ئەمەریکا وەڵامێکی فەرمی دانەوە، تا بارزانی گەڕایەوە ولات دەمکوت بوون.

سەرۆکی کوردستان کە لەهەموو وێستگەکانی سەفەری وەکو سەرۆکی ولات پێشوازی کرا، هەموو هەلەکانی قۆزیەوە بۆ باسکردنی ( (پێشمەرگە، کوردستان، مافی چارەنووس) ) ئەو وێستگە فراوانەی ولاتان بۆ بەرژەوەندی کوردان، رێی لێنەگرت سەرێك لە برا بریندارەکەی هێژا ( (وەجیە بارزانی) ) بدات بۆ وەستان لەسەر تەندروستی و لەوێشەوە دڵنەواییەك بۆ پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری بنێرێتەوە.

تورکەکان بەهۆی میدیاکانیانەوە هەنگاو بە هەنگاو لەدوای بارزانیەوە بوون، کەچی (NTv) تورکەکانی تووشی شۆك کرد کاتێك بارزانی وەکو چەند جارە مافی کوردی لە دەوڵەتێکدا بە چاو و گوێدا چرپاندن.

ئەم سەفەرەی بارزانی هەم فرمێسکی شادی لەچاوی کوردان تەزاند هەمیش دڕکی لە چاوی دوژمنان چەقاند. هەمیشە شۆرش لە نێو کوردان دابڕاو نەبووە، ئەی خۆ ئەم سەفەرەی بارزانیش بۆ خۆی شۆڕشێك بوو.

دایکی شەهیدێك ئەوەندە بەو سەفەرەی بارزانی خۆشحاڵ بوو، باشترین پێناسەی بۆی گریان بوو، نەك وەك دکتۆر سەلامی لەمەڕخۆمان ( (مامۆستای زانکۆ لە هەولێر) ) کە بەم شێوەیە وەسفی جامیعەی کرد لە بەرنامەی سپێدەی کوردستان لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس:

( (جامیعە واتە زانکۆ یەعنی قوتابی دەبی سبەینی بچێتە زانکۆ ئێواران سەعات چوار بگەرێتەوە) )

.... لەگەڵم بن

بۆ بەشی یەکەم